ئەمەریکا دۆست یان دوژمن؟ ... وەهاب شاه محەمەد

پشش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەوەی کە ئایا ئەمریکا دۆستی گەلانە یان دوژمن، پشویستە هەندث لە رووداوە جیهانثکان کە ئەمریکا لایەنثکی ئەو رووداوانە بووە بخەینە روو بۆ خوثنەر بۆ ئەوەی ئەویش لە گثژاووی ناگاداری پەنجا ساصی سیاسەتی ئەمریکا لە جیهان بث ئەنجام نەخولثتەوەو هەموو ئەو گۆرانکاری و جەنگە جیهانیانەی کە ئەمریکای ئیمپریالیسم، کە وەک هەندث لایەن ناوی دەبەن لایەنثک بووە بە تثذی باس بکەین. بەصام لە پشش هەموو ئەو شتانەوە دەبث هەندث راستی دەربارەی جەمسەری دووەم، مەبەست وصاتانی کۆمەنیستی کۆن و رابەرە جیهانثکەی (سۆضثتی کۆن) بخەینە روو بۆ ئەوەی هەموو بزانیین کامیان دۆست و دوژمنی گەلان بووە.

پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئوکتۆبەری کۆمەنستەکان، بە رابەرایەتی لینیین و هاورثکانی، یەکەم کار کە کردنیان کوشتنی لەناوبردنی قەیسەری رووسیاو کەس و کارەکەی بوو بە شثوەثکی زۆر درندانە پاشان ئەو کەس و لایەنە سیاسیانەی ئەو وصتانە کە بیروورایان لەگەص صەلسەفەی برۆلیتاریزم نەدەگونجا. کۆکردنەوەی هەموو دەسەصات لە ناوەندن و پاشان خستنە دەستی تە ا تاکە حزبثک کە هەموو کارەکانی لە خزمەت کۆمیتەی ناوەندی و سکرتثری حزبەکە، کە ئەویش بە ئارەزووی خۆی کەسەکانی دەکرد بە دۆست و دووژمنی هەرچی کەسثکیش هەرەشەی بخستایەتە سەر دەسەصاتی ئەو ئەوا دەچووە خانەی دوژمنان، پاشان یان رووی لە سیبیریای دۆزەخ دەکرد یان لە زیندانەکانی ژثرزەوی (کی. ج. بی) دەکرا بە قوربانی سەرۆک و پارتەکە، ئەوانەی کە شانسیان هەبوایەو بیانتوانیایە هەصبثن و وصات بەجث ثش ئەوا چەند ئەندامثکی دەزگای (کی. ج. بی) یان بۆ دەنارد و لە دەرەوەی وصات تیروور دەکرا.

ئثستا با بثنە سەر باسی سیاسەتی ریفۆرمی زەوی کە سەرۆک ستالین بەرثوەی برد کە تیایدا زیاتر لە شەش ملیۆن جوتیاری بث گوناه کرا بە قوربانی و لەناو بران هەر لەبەر ئەوەی دژ بەو سیاسەتە بوون. ناوچەی سیبریا کرابوو بە گۆرستانی هەموو ئەو لایەن و کەسانەی دژایەتی فەلسەفەی مارکسیزم و لینینیزمیان دەکرد، هەرچیش رووی لەوث بکردایە ئەوا یان لەبرسا دەمرد یان لە سەرماو کاری شەورۆژ.

جەنگی جیهانی دووەمیش باشە پیاو هەندث راستی دەربارەی باس بکات. پشش پەلامارداني هتلەر بۆ سەر خاکی سۆضثت، رثکەوتنامەثکی تایبەت مۆرکرا لە نثوان ستالین و هتلەر، بەگوثرەی ئەم رثکەوتنامەیەش دەبوایە هیچ هثزثکی تر بثجگە لەم دوو هثزە لە ئەورووپا نەمثنث و هەموو ئەورووپاش بخرثتە ژثر دەسەصاتی هتلەر و ستالین، بەصان دیارە هتلەر بەوەش رازی نەبوو پەلاماری ئەوانیشی دا بۆیە سۆضثت دووچاری شەر بوو. تە ا لەو شەرەدا 60. 000 ئەفسەری پۆصۆنی رەوانەی سۆضثت کران و تاکو ئثستاش بث سەروو شوثنن، خۆ پۆصۆنیا لایەنگیری هتلەر نەبوو هەتاکو رووخاش هثزە صۆصۆنثکان لەگەص رثکخراوە ثنثکانی جوولەکە شەریان دژ بە هتلەر دەکرد. هەنگاریا و چیکوسلۆصاکیا کاتی شەری جیهانی دووەم نەکران بە کۆمەنیست بەصکو لە پەنجاکان و شەستەکان بوو تانکەکانی سۆضثت بە بەرچاوی هەموو دنیا ئەم دوو وصاتەیان داگیر کرد و بەزۆر کردنیان بە کۆمەنیست، هەرچیش دژی ئەم کارە وەستا لەم وصاتە وون کراو دیار نەما.

ئەگەر باس لە وصاتانی تری کۆمەنیست لە جیهان بکەین ئەوا هەر تەواو نابث، چوونکە تە ا گەرانەوە بۆ ئەرشیصی ئەم وصتانە بۆمان دەردەکەوث چی ماصوثرانیکیان بەسەر هاتووە بە دەست رژثمە

كۆمەنستەكانيان، شاوشيسكۆ و ئەصمانياى رۆژهەصات و ئەلبانيا و زۆر وصاتى تر هەن لە ئەورووپاو دەرەوەى ئەوروپا كە كارەستاى گەورەيان بە دەست كۆمەنستەكان كتشا .
ئثمة نامانەوث لثرة بە شان و باصى ئەمريكا هەصدەين و بمثن كەوا دۆستى گەلانى ژثردەست بووة، بەصام سۆضتي كۆمەنيستيش وەك ئەمريكا تە ا بيرى لە بەرژەوەندى كردۆتەوة، جياوازثكەشيان لەوەداية كە ئەمريكا بيرى لەبەرژەوەندى ئابووورى و سياسى ميلەتەكەى و وصاتەكەى كردۆتەوة وەك هەموو خەصكى، بەصام سۆضتى كۆمەنيست تە ا بيرى لە بەرژەوەندى دەسەصاتداران و تاكة حزبەكەيان. هەموو نەوتى رۆمانياو كەرەسەى خاوى وصاتانى ترى كۆمەنيست رەوانەى سۆضت دەكراو ئەويش چەكى بۆ دەناردن، ئەگينا ميلەتانى ئەم وصاتانەخۆ لە برسا مردبوون و دايك و باكانى ئەم وصتانە ئارەزووى ئەوەيان بوو كابراثكى بثگانەى دەرەوى وصات بث و كچيان بەرثتة دەرەوة .
باشة با ئثستا باس لە جياوازى نثوان دوو جەمسەرى كۆن و تاكة جەمسەر بكەين. لە كاتى شەرى ساردى نثوان هەردوو جەمسەر زۆربەى زۆرى وصاتانى ئەمريكاى لاتين شەرثكى ناوخۆ و دەرەكيان بە سامەهاى سام بردة سەر كە قوربانثكەشى سەدەها هەزار خەصكى بث گوناهى ئەو وصتانە بوو. هەرچى وصاتانى ئەفريقا هەبوو ئەوانيش بە هۆى ستراتيجيەتى سياسى و سەربازى هەردوو جەمسەر شەرثكى خوثناويان بردەسەر و ئەنجامەكەشى هەر ماصوثرانى بوو، پاشان داسياس رۆژهەصات كە وەوانيش باجثكى گەورەى ئەو شەرى ساردەى نثوان سۆضتى كۆمەنيست و رۆژئاوايانداا .
كورد وەك ميلەتثكى ژثردەستەى تينووى ئازادى و سەربەخۆى، هەر لە كاتى دابەش بوونى كوردستانەوة تاكوو نەمانى سۆضت ماصوثرانى و كارەساتى گەورەى بەسەراهات. كۆمارى مهاباد بە رثكەوتنامەثكى نەوتى نثوان ئثران و ستالين بوو بە قوربانى شەرى سارد و كوردستانى باشووريش هەرچى چەكى كۆنى سۆضت هەبوو تاقيدەكرايەوة لەسەرى، چونكة سەدام و بەعسيان بە كاسترۆى رۆژهەصات ناو دەبرد، ئەگەر ئەمريكاش نەبواية ئەوا تا ئەمرۆش كورد يان ئاوارەى وصاتانى دەورووپشت دەبوو، يان بەو شاخانەوة دەمايەوة. ئثستاش سۆضت نارەزاثكى بەرامبەر هەموو ئەو كارەساتانەى بەسەر كورد دەهات دەرنەبرى، كورديش زۆر دوور نەبوو لە سنوورەكانثوة كە پياو بمث ئاگايان لث نەبووة.
لەوانية بەلاى هەندثك قورس بث دان بە هەندث راستى ثنث و لەوانەشة وابزانن كە خەصكى گەليان لثدەكات ئەگەر باس لە راستثكان بكەن. نەبوونى ئەمريكا وەك هثز زلى دنياى ئەمرۆ لەوانەية هەرەشەثكى گەورة بوواية بۆ زۆر ميلەتان، كە كورديش ثكثكة لەو ميلەتانة. باشة ئەگەر ئەمريكا بەعسى نەرووخانداية چيمان بكرداية، ئەبواية شەو رۆز دوعاى ئەوەمان بكرداية كە (عودەى) يان (قوسەى) كورى سەدام لە باكيان پياوتر و بە ويژدانتر بن بۆ ئەوە ى شارەكانى ترى كوردستان نەكرث بە عەرەب و هەموو خەصكەكەشى ئەنفال نەكرث. ئەگەر ئەمريكا نەبوواية ئەوا تورکيا تورکياى جاران دەبوو، كورديش نەيدەوثرا وەك جاران ووشەى كورديش بەكار ثنث. سوريا كە ئثستا كەوتۆتة ژثر شەقى فشار و هەرەشەى ئەمريكا و خەريكة مافى هاوصاتى بە سەدەها هەزار كوردى ئەم بەشة دەدات هەموو كوردستانى ئەو بەشەى عگام لەسەر دەكرد .
جا بۆية پثويستة پثش دووان لە بوون و نەبوونى ئەمريكا وەك تە ا هثز زلى دنياى ئەمرۆ باس لەو راستية مثژوويانەو ئەمرۆ بكەين. من ناصثم ئەمريكا عاشقى چاوة كاصەكانى كوردة، چوونكة چاو جوانتر زۆرة، بەصام بە هۆى ئەمريكا و بەرژەوەندثكانى كورد لە باروودۆخثكى باشتر دەژث، كورديش مافى خۆيەتى وەك هەموو ميلەتانى تر پثش هەموو شتثك بير لە بەرژەوەندى خۆى بكاتەوة .
Shah. wahab@gmail. com
Haba2k@spray. se